# له کۆڵی تەمەنێکی سەر سپی

کنێر حەسەن خانم
29.05.2007
kner_hx@yahoo.de



عەشق.. هەمیشە دوو پێناسە لەبەر ئەکات
پێناسەیەکیان
بەر لە بەردبارانکردنی جەستە ئەڵێتەوە
ئەوەی تریش
بەر لە سووتانی ڕۆح

هۆنراوەکانی هەموان لە یەک ئەچن
گۆرانیەکان بۆنی مەرگ، وەک بۆنی سێو ، ئەبارێنن
دۆران ناوەڕۆکەو..خەم ڕوخسار
فڕین لەنێو خەیاڵ و.. سەرکەوتن لە گۆڕ
هۆنراوەکانی هەموان لە یەک ئەچن
ئازارەکانی هەموان..فرمێسکەکانی هەموان
خەمەکانی هەموان..تووڕەبوونەکانی هەموان
کوشتنەکانی هەموان..بەردبارانکردنەکانی هەموان
ل ە ی ەک ئ ە چ ن
(ئیندیڤیدول)* ی مرۆڤ لە ئێمە سڕاوەتەوە
ئێمەهەموومان تەمەنێکی سەر سپی لە کۆڵی کردووین
ئێمە هە موومان لە کۆڵی ئەم تەمەنە

یان تەنیایی وەک مۆرانە ڕۆحمان ئەخوات
یان دەنگە ناسازەکان کاتمان بە فیڕۆ ئەدەن

یان لە یەک ناگەین
یان یەکتری ئە سڕ ینەوە

یان خۆشەویستی ئازارمان ئەدات
یان ڕق خەو لە چاوانمان ئەدزێ

یان ئیرەیی کوێرمان ئەکات

**یان نامانەوێ جوانیەکانی یەک ببینین**

**یان  لە پەنای دارێک بە تۆمەتی مرۆڤ بوون ئەکوژرێین**
**یان یەکتر بەردباران ئەکەین**

**یان سەرمایە وەک پەتا خوێنمان ئەمژێ**
**یان هەژاری لە قوتابخانەمان ئەکات**

**یان یاسا باوی نیە لەم دەڤەرە**
**یان یاسا دانەرەکان نەزان**

**یان عەشق وەک نهێنی  لە چاوی یەک گرێ ئەدەین**
**یان وەک بێماناترین وشە دەری ئەکەین لە دڵ**

**یان و یان و یانننن.............**
**ئێمە هەموومان لە کۆڵی ئەم تەمەنە سەرسپیە نیگەرانین**
**هەر هەموومان**
**ئەویش بێ باک لە کۆڵی کردووین**
**لە گەڵ خۆی ئەمانبات..بەرەو دواوە**
**ئەو هەموو ڕێگایەک ئەگۆرێ**
**تا ڕیگای لێ ون نەبێ**
**ئەو هەموو ڕێگایەک تاقی ئەکاتەوە**
**تابگەڕێتەوە دواوە.. ئێمە لە کۆڵی ئەوهەر لە گەڕانەوەین**
**ئەو هەموو ئاوازێک ئەشێوێنێ**
**تایەکەی ئاوازەکان لە یەک بچن و**
**لە ئیقاعی گۆرانیەکانی ئەو دەرنەچێ**
**ئێمە هەموومان یەک چاوو..دەم و..دەستمان هەیە**
**هەموومان خەمبارو چەوساوە**
**هەمومان شادو چەوسێنەر**
**ئەمە تابڵۆی ئێمەیە**
**هاوڕێیەکم ناو ی ئەم تابلۆیەی نا**
**(لە کۆڵی تەمەنێکی سەر سپی)**
**دواتر پێ ی ووتم گۆرانیەکان لە کۆڵی ئەم تەمەنە سەر سپیە خەمبارن**
**هەر هەموویان ئەگرین**
**من لە پشت پەنجەی ژەنیارەکان**
**لە دوای تەواوبوونی وشە لە دەنگی گۆرانیبژ**

گوێم لە هەنسکێک ئەبێت ..هەنسکێکی بە کوڵ
وا پێ ئەچێ ئێوە هەمووتان خەمباربن..هەرهەمووتان....
وشەکان.. ئاوازەکان..کەسەکان ...
من لە زۆربەی تابلۆکانی گۆرانیەکان
وێنەی ئافرەتان ئەبینم .. ئەم ئافرەتانە نالێم.. کە ئەکوژرێن و ون ئەبن
ئەو ئافرەتانەی هەموو جارێ
لە نێو گۆرانیەکان ..بەوێنەی جیا ڕۆحی پیاو لە خاچ ئەدەن
ئەو ئافرەتانە هەموو جارێک
پەشیمانن..یان بێوەفان..یان خائینن
ئەم هاورێیەم بەم پرسیارانەی ئازارم ئەدات
ئەو ئەپرسێ
ئەرێ..لەم وڵاتەی ئێوە
وەک گۆرانیەکان باس ئەکەن
هەموو جارێ پیاوەکان فریشتەو ئافرەتەکانیش  خائینن؟!
هەموو جارێ ژنەکان (زاڵم) و پیاوەکانیش چەوساوەن؟!
کوڕەکان هەمیشە بە جێماوو کچەکان  لەسەفەرن!؟
کچەکان لە عەشق ناگەن و
کوڕە وەستاکان لە عەشق.. جێئەهێڵن؟
من پێ ی ئەڵێم نا هاورێ نا ..وەرە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە
لە منەوە بڕۆ نێو کۆمەڵگا
چاوەکان وهزرم لە گەل خۆت ببە
ئەوسا هەموو ژن وپیاوە خەمبارەکان ئەبینی
کە ژیانیان لێ بۆتە بەڵا
وەرە سەفەرکە لە دەروازەی ڕۆحی منەوە
تا ئازار ببینی و
پیاو سالاری وبێتاوانی ئافرەتەکان لە گۆرانیە خەمبارەکان بدۆزیەوە
بڕوا مەکە هاوڕێ گیان بە بێزەیی ژن
بڕوا مەکە بە سەفەرو دابڕان ونە فامی و بێ توانایی کچەکان
تەنها ڕاستی لە گەڵ خۆت بهێنەوە لەم سەفەرە
تەنها تیشکێ لە ناخت هەڵگرەو
چەند وشەیەک لە مل کە
ئنجا تێ ئەگەی پیاوەکان لە کۆلی تەمەنە سەر سپیەکە ئەچەوسێنرێنەوەو
ژنەکانیش نەک تەنها (زاڵم) وچەوسێنەرنین
بەڵک و ئەکوژرێن وبەرد پیرۆزیان ئەکات
دواتر لەهەموو گۆرانیەکان خائین ترین مەخلوقن
ئەی خودایە.. ئەمە چ نهێنیەکی کوشندەیە ئێمە سەری لێ دەرناکەین

ئەمە چ نا یەکسانیەکە نغرۆمان ئەکات
ئەمە چ مەرگەساتێکە کە کچان لە ماڵی باوک و برا بەند بکرێن و
دەنگە بەرزەکان وچاوەکوێرەکانی کۆمەڵگا و
تاریکی ڕێگاوبانەکان..بێ باکی کوڕەعاشقەکان و
ترسی مەرگ ڕێگایان پێبگرێ و
دەنگیان نەگاتە جێ ی ژوان و
کوڕە کانیش بە نەهاتنیان بۆ جێژوان
تورەبن وپێیان بڵێن زاڵم وخائین وبێوەفا...
ئەمە چ تاوانێکە بە مەرگیش ناسڕێتەوە
ئەمە چ پرسیارێکە هاوڕێکەم لێم ئەکات!!!!!
من هەمیشە پێی ئەڵێم ، سەفەرکە هاوڕێ، بۆ کۆمەڵگا خەمبارەکەم
بە دوای مرۆڤ بوونی ژنێک بگە ڕی لە نێو عەبایەکی ڕەش
ئاوی جامی دەستی منداڵێکی ئاوفرۆش
لەجەرگەی بازاڕێکی جەنجاڵ بخۆوە
ئینجا ئەزانی ئێمە بۆ لەکۆڵی ئەم تەمەنە بەرەو هە ڵدێر ئەڕۆین
تۆ هاوڕێ گیان گۆرانیبژو شاعیرەکان
وێنەی ئافرەتەکان، کە لە گۆرانیەکان توڕەیان کردی وپێت وتن(زاڵمن) ئێوە
وێنەی ژنە کوژراوەکانی، من پێمناساندی
وێنەی ئەم مرۆڤانەی..کە من پیم وتی لێت تێکنەچێ گەر سەفەرت کرد
بۆ دەڤەرەکەی من..ئەمانە مرۆڤن. پەڵەی ڕەش نین
منداڵە ئاوفرۆشەکان
هەموویان لە نزیکەوە ڕەنگێکی تریان هەیە
هەموویان چەوساوەو چەوسێنەرن
هەموویان لە نزیکەوە خەمبارترن لەوەی کە تۆ لە گۆرانیەکانی فێریان بوویت ... بینیوتن
ئەمە ئەفسانە نیە من بۆتی ئەگێڕمەوە
ئەمە ئافاتی دوا کەوتن وپیاوسالاریە
کێڵگەکانی کۆمەڵگاکەم وشک ئەکات
هاوڕێ.. پیاوسالاری ودواکەوتن وەک مەلاریا لە ناوناچێ
وەک کۆلێراش نیە بێ وشارێک لە گەڵ خۆی بەرەو مەرگ ڕادێرێ وبڕوات
وەک( تسونامی) ش نیە کە هەڵی کرد
شەپۆڵەکانی دەریا بگوازێتەوە نێو هۆتێلی گەشتیارەکان و
لەگەڵ خۆیدابیانبا بۆماسیەکان و، ببێتە یادەوەریەکی مەرگهێن
ناهاوڕێ تۆ برۆ خۆت ئەیبینی
وەک هەوا لە هەموو کونجێک بڵاو بۆتەوە
وەک ئاو لە هەموو ماڵێک ئەبینرێ
لەڕۆحی هەموو تاکێک ئاڵاوە

هەندێ جار مرۆڤێک لەیەک کاتدا ئەکا بە تاوانبارو بێتاوان
هاوڕێ گیان تۆ ئەزانی من دلخۆش نابم بە م چەکانەی تۆ
کەلەسەر مێزی بەردەممان دژی تاوان ئەیانکێشی و
ئەیاندەیتە دەستم
ئەم چەکانە تەنها گفت و گۆکانمان گەرم ئەکەن و
ئازار لە رۆحم بۆ هەمیشە ئەچێنن
تۆ.. تۆ ئەی هاوڕێ
لێرە لە زانکۆیەکی نازپەروەر
لەو پەڕی دونیا..کە زۆر دوورە زۆر
لە دونیای لێدان و ئیهانەو کوشتن
چۆن ئەتوانم  حاڵیت کەم لە بە قوڕ گیرانی دەرگاکان
لە نەزانی و، ون بوونی سێبەری ماف
ئەمە هەمومان خەمبار ئەکات..
ئازارەکانی ئێمە ئەکاتەوە یەک ئازار
ژن وپیاو بەیەکەوە ئەچەوسێنێتەوە
ئەمە ئازارێکە هاوڕێ.. باس کردنی خوێن ئەبارێنتە رۆحم
هۆنینەوەی ئاسوودەم ناکات
من  ئەزانم چاوانی تۆ باوەڕم پێئەکات
بەڵام دڵخۆشم ناکات
ئەمە خەمێکی گەورەیە بە قەد تەمەنی بێ وێژدانی
لەسەرئەم ئەستێرە جوانە
ئەم ئازارانە هەموانمان کۆ ئەکاتەوە
من بۆیە ئەڵێم
هۆنراوەکانی هەموان لە یەک ئەچن
گۆرانیەکان بۆنی مەرگ، وەک بۆنی سێو، ئەبارێنن
دۆڕان ناوەڕۆکەو..خەم ڕوخسار
فڕین لەنێو  خەیاڵ و..سەرکەوتن لە گۆڕ
هۆنراوەکانی هەموان لە یەک ئەچن
ئازارەکانی هەموان..فرمێسکەکانی هەموان
خەمەکانی هەموان.. تورەبوونەکانی هەموان
کوشتنەکانی هەموان..بەردبارانکردنەکانی هەموان
ل ە ی ەک ئ ە چ ن............ل ە ی ە ک ئ ە چ ن............ل ە